# ئەوانەی لەوانەیە لە کوردستان جێگایان نەبێتەوە

## ڕاپۆرتێک سەبارەت بە گرێدانی دووەم کۆنفرانسی

## "کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورد"

## لە هۆڵەندا

ئیبراهیم مەلازادە
www.rondik.blogspot.com

ئەوان ئاشوری نین، کلدانیش نین، ئەرمەنیش نین، هەروەکو بەرچەڵەکیش فەلە نین. ئەوەی ئەوان تێیکەوتوون بۆ بەشێکی زۆریان یەکێکە لە دەرەنجامەکانی تاراوگە. تاراوگە ئەو پەناگەیەی کە مرۆڤ لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی پەنای بۆ دەبات و بە وڵاتی دووەم و شوێنی یەکەمی حەوانەوەو ژیان هەڵیدەبژێرێ. بۆ زۆرێک لەوان هەرگیز ئەو ڕۆژە چاوەڕێکراو نەبوو، ئەوان وەکو دەیان هەزاران کوردی تر کە بڕیاری سەرهەڵگرتنیاندا بە دوای ئارامگایەکی تازە ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردوو پشتیان لە هەموو ئەو خەونانە کرد کە لە نیشتماندا نەخشەیان بۆ کێشا بوو. زۆرێکیش لەوان تا ئەو ساتەش ئێش و ئازاری بێ مۆڵەتی مانەوە لە تاراوگەدا دەچێژن و وەکو خۆیان دەڵێن:

"نە هیچ کەسێک، نە دەوڵەت، نە هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ئەورووپیش نەیانتوانی چارەسەری کێشەی ئێمە بکەن بێجگە لە عیسای مەسیح، دەوڵەتی تاراوگە مۆڵەتی مانەوەی ئێمەی وەکو پەناهەندە ڕەدکردەوە بەڵام یەسوعی مەسیح ئارامی پێبەخشین".

"کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورد" لە ساڵی 2002 پێکهێنراوە، دامەزرێنەرانی ئەو خەڵکانەن کە لە هۆڵەندا دادەنیشن و لە سات و کاتی جیاواز بوون بە مەسیحی، تەنانەت وەکو هەندێکیان چیرۆکی خۆیان بۆ گێڕامەوە سەرەتای ناسینیان بە مەسیحیەت دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی ژیانی کوردستان و هەڵ و مەرجی تایبەت بە خۆیان و گەڕانیان بەدوای پەناگەیەکی ڕۆحی و نەفسی جیاواز لەو پەناگەیەی کە لە دایک و باوک و کۆمەڵگاو کەس و کاریان فێری بوون و دەبن.

لە دووەم کۆنفرانسی خۆیاندا کە لە (ناوەندی ڕاهێنانی ڕوحی) سەر بە (.....) ئەنجامدرا، لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2005/02/11 ئامادەبووم و لە لایەن برادەرێکی هۆڵەندیەوە بانگ کرابووم بۆ ئەوەی وەکو ڕۆژنامەوان و چاودێرێک ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ببم.

"کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورد" لە لایەن ڕێکخراوی (Gave) پشتیوانی ڕوحی و ماددی لێدەکرێ و کاروباریان ئاسان دەکرێ. زیاتر لە 40 ئەندامی کوردی هەیە تەنها لە هۆڵەندا. ژمارەی ئەو کوردانەش کە ڕوویان لە مەسیحیەت کردووە لە ئەڵمانیا زیتر لە 80 کەس دەبن و خەڵکی ناسراویان تێداهەن. لە سویدیش زاتر لە 70 کەس دەبن، لە زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپاش خەڵکی کورد هەیە و ڕووی لە مەسیحیەت کردووە. ڕێکخراوی (باوەڕی مەسیحی جیهانی Internationale Christelijke Geloof) یارمەتیان دەدا بۆ یەکتر ناسین و ناساندنی کۆمەڵەکە بە باوەڕدارانی تری کورد لە هۆڵەنداو لە وڵاتانی ئەورووپا. بەڵام تا ئەو ساتەش هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ کوردستان نیە بێجگە لەوەی کە باسی خەڵکێکی زۆریان دەکرد کە ڕوو لە مەسیحیەت دەکەن وتەنانەت دەنگۆی ئەوەیان لەناودا هەبوو کە گویا لە ڕانیە 15 کەس داوای کردنەوەی کڵێسایێکیان کردووە.

سەرەتا بەر لەوەی بچم وامدەزانی کۆنفرانسەکە شێوەی کۆنفرانسە حیزبیەکانی هەیەو مەبەست لە بەستنی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرو ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەکەیە. بەڵام ئامانج لە بەستنی سەرتاپا جیاواز بوو، هیچ پەیوەندی بەو پرسەوە نەبوو.
وەکو دواتر بەڕێوەبەری کۆمەڵە کە بەداخەوە ڕازی نەبوو ناوی ئاشکرا بکەم، بۆی باس کردم، ئامانج لەو کۆبوونەوەیە بە تەواوەتی ڕۆحیە و مەبەستیان کۆکردنەوەی باوەڕدارانە و یەکترناسینیانە بە یەکتری و ناساندنیانە بە هەموو ئەو کەسانەش کە ڕێز لە ڕاوبۆچوونیان دەگرن.  بە ڕێوەبەری "کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورد" لە سەرەتاکانی دەیەی سێیەمی تەمەنی دایە و خێزانی هۆڵەندیەو کچ و کوڕێکیان هەیە، لە هەولێر پۆلی سێی ناوەندی تەواو کردووە، لە ساڵی 1996 گەیشتۆتە هۆڵەنداو لە 1999 دەستی بە خوێندنەوەی ئینجیل کردووە. ئەو گووتی: من پیاوێکی زۆر گوناهبار بووم و دەریای گوناهەکانم بە ئارەزووی خۆیان وەبەر شەپۆلی خۆیان دەدام و هەڕەشەی خنکانیان دەکردم. ئەو بەردەوام دەبێ و دەڵێ: زۆر گەڕام هیچ پەناگەیەکم نەدۆزیەوە بۆ ئەوەی لەو خنکانە مسۆگەرە ڕزگارم بکات، تا عیسای مەسیح بانگی کردم و دەستی گرتم و لەو دەریا زل و زەبەلاحە بێ ئەمانە ڕزگاری کردم، مەسیح بۆ گوناهباران هاتووە، گەورەترین ئەرکی ئەو سڕینەوەی گوناهەکانمانەو ڕزگارکردنی ڕۆڵەکانی خۆیەتی لە نەخۆشی و ئێش و ئازار و نائومێدی. ئەو هەر بەوەش نەوەستا و هاتە سەر باسی کورد و کوردستان و گوتی: ئێمە هەست بەوە دەکەین دەرگا بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان کراوەتەوە، پێویستە گەلی کورد ئەو ڕاستیە بزانێ و یەسوعی مەسیح مزگێنیە بۆ ئەو نەتەوەیە. کوردستان وڵاتێکی پیرۆزە چونکە ژیان بۆ دووەم جار لە کوردستان دەستی پێکردۆتەوە، دوای ئەوەی یەزدان ویستی زەوی نقومی ئاو بکات، فەرمانی بە حەزرەتی نوح کرد کەشتی دروست بکات، کە زەوی هەمووی نقومی ژێر ئاو بوو دواییش ئاوەکە نیشتەوە، کەشتیەکەی نوحیش لەسەر یەکێک لە چیاکانی کوردستان نیشتەوە و دووبارە ژیان لەوێ لە کوردستان، تەنها لە کوردستان دەستی پێکردەوە.
هەڵبەت بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە هەر لە هۆڵەندەوە نەهاتبوون، بەڵکو لە ئەڵمانیا و سوێد و بەریتانیاوە هاتبوون، ژمارەی بەشداربوانی کۆنفرانسەکە زیاتر لە 50 کەسێک دەبوو، ژن و منداڵیشیان تێدا هەبوون. شێوەی نوێژکردن و کۆبوونەوەیان سیماییێکی تایبەتی هەبوو لەوانەیە لە کڵێساکان بەو زەوق و خۆشیە نەبێ. سەرەتا پیاوێکی کورد لەگەڵ خێزانی کە لە سویدەوە هاتبوون و خەڵکی باشووری کوردستان بوون هەڵسان بە خۆناساندن و بە کورتی باسکردنی چیرۆکی بە مەسیحی بوونیان. ئەوان هەردوکیان دەنگیان خۆش بوو کۆمەڵێک سرودی کوردیان گووت کە هەموویان لەسەر خۆشەویستی مەسیح و بەرزڕاگرتنی یەزدان بوو. زۆربەی گۆرانیەکانیان بە هەڵپەرکێ و چەپڵەڕێزان و هەموو بەیەکەوە گووتنەوەی سروودەکان بوو. لە زۆرێک لە ئامادەبووان شێوەیەک لە سۆفیەتیم دەبینی کە خۆی لە گاریگەر بوونێکی بێ وێنە دەنواند بەو سروودانەو تا ئاستی گریان و پاڕانەوەیەکی بەردەوام.
وەکو بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە بۆی باس کردم، گووتی: ئێمە لەگەڵ هیچ ئاینزایەکی مەسیحیدا نین و تەنها باوەڕدارین، پێڕەوی هیچ سیستمێکی تایبەتی کڵێسا هەمەجۆرەکانی مەسیحیەت ناکەین، ئەگەر چی دۆستایەتیمان زیاتر لەگەڵ کڵێسای پرۆتستانتەکاندا هەیە، بەڵام بێئەوەی شێوەی نوێژ و نزاکانمان بەتەواوی لەوان بچێ. ئەوان هەمیشە ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە ئەوان تەنها ڕۆڵەی مەسیحن، تەنها و تەنها مەسیحیش دەناسن، بەو مانایەی کە ئەوان دیندار نین، بڕوایان بە دین نیە، دین بە لایانەوە شتێکی ترسناکەو نابێ لێی نزیک بکەونەوە، بەڵام مەسیح تەنها خۆشەویستیە و کاری ئەو تەنها ڕزگارکردنی گوناهبارانە، ئەو تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە یەزدان. بۆیە کاری ئەوان تەنها ستایش کردنی خوداوەندە و سروود گووتنە بۆ بەرز ڕاگرتنی عیسای مەسیح.

ئەوەی کە بەلامەوە جێگای تێبینی بوو ئەو ئەوروپیانە بوون کە فێری کوردی بووبوون، یەکێک لەوانە کە بە ڕەچەڵەک هۆڵەندیە لە ساڵی 2000 لە هەولێر ژیاوەو زۆرێک لە شارەکانی کوردستان شارەزا بوو، ناوی خۆی (ئەندریێ) بوو بەڵام ناوی لە خۆی نابوو (هەندرێن) کە هەر لە ناوی خۆی نزیکە. ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە چیۆکی بڕواهێنانی خۆی بە سۆزێکی زۆرەوە بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە و چاوی زۆرێک لە بەشدارانی بەگریاندا هێنا. یەکێکی تریان کە بە ڕەچەڵەک سکۆتلەندیە ناوی ئەسکەندەر بوو، ئەندازیاری ئەلەکترۆنیاتە، کوردی و عەرەبی دەزانێ، بۆ ماوەیەکی درێژ لە عیراق ژیاوە و ئێستاش سەرپەرشتی دەزگای کەمئەندامان دەکات لە کوردستان. سۆزو خۆشەویستییێکی بێ وێنەی هەبوو بۆ خەڵکی کورد.

قسەم لەگەڵ زۆرێک لەو کوردە مەسیحیانە کرد کە هەیان بوو لە دوورەوەی هۆڵەندا هاتبوون و هەشیان بوو هەر لە هۆڵەندا دادەنیشتن. یەکێک لەوانە خەڵکی باکوری کوردستان بوو، بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە سەرگوزەشتەکانی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە، بە تایبەتیش ئەو هێندە ساڵانەی کە هاتۆتە هۆڵەندا. ئەو کوڕە گەنجە تا هەنوکەش مۆڵەتی مانەوەی لە هۆڵەندا نیە و تەندروستیشی زۆر تەواو نیە. بەر لە سێ ساڵ لە کەمپی حەوانەوە دەری دەکەن و دەچێتە شارێکی تر بۆ کار کردن، لەوێ لە ڕێگای کارکردن چەند تورکێک دەناسێ، یەکێک لەو تورکانە حەبێکی بێهۆشکەری دەداتێ و ئەویش دەیخوا، لە ئەنجامی ئەو حەب خواردنە هەست بە گوناهێکی زۆر دەکات، تا ئەو ڕێژەی کە دووچاری نەخۆشی نەفسی دەبێت، دەیبەنە خەستەخانە و تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاودێری خەستەخانە دەمێنێتەوە. دوکتۆرەکەی پێی دەڵێ: تۆ توشی نەخۆشی شێزۆفرینیا بوویت. کە لە خەستەخانە دەردەکرێت، پەنا بۆ کەنیسە دەبات. ئەو دەیگووت: "هەر زوو کە هاتمە هۆڵەندا ئینجیلم خوێندبووەوە، بەڵام لە کڵێسا چاوم کرایەوە، یەسوعی مەسیحم ناسی، ئێستاش تەندروستیم هەر زۆر باش نیە، بەڵام عیسای مەسیح هەمیشە بۆ من باوەشێکی گەرمە و ئارامی و دڵنەوایی خۆم هەر لای ئەو دەدۆزمەوە".

یەکێکی تریان کاملە ژنێکی خەڵکی سنەی ڕۆهەڵاتی کوردستان بوو، بۆ زیاتر لە دە ساڵ لەگەڵ کۆمەڵەی کوردستانی ئێراندا پێشمەرگایەتی کردووە. بەر لە چەند ساڵێک خۆی دەگەیێنێتە وڵاتی سویدو لەوێ نیشتەجێ دەبێ. ئەو دەیگووت: "هەموو ئەو ساڵانەی کە بیروباوەڕی چەپم هەڵگرتووە لە ناخی خۆمدا باوەڕم بەو بیروبۆچوونە نەبوو. پێویستم بە پەناگەیەکی ڕۆحی هەبوو، ئەو پەناگەیەم لە ئیسلامەتیدا نەدەدۆزیەوە، ئەوەتا ئایەتوڵلایەکان چیان پێنەکردووین!، بۆیە ئەو پەناگەیەم لە بە پیرەوە چوونی عیسای مەسیحدا دۆزیەوە". بێجگە لەو کاملە ژنەش چەندین ژنی ترو پیاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بوون. یەکێک لەو پیاوانە خەڵکی کرماشان بوو بۆ 15 ساڵ پێشمەرگەی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە، لە شەڕی عیراق و ئێران دەسگیر دەکرێ و ڕەوانەی ڕومادی دەکەن و دواتر ئازادی دەکەن و لەو ساڵانەی دوایی دەگاتە هۆڵەندا. تا هەنوکەش مۆڵەتی مانەوەی پێ ڕەوا نەبینراوە. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بڕیار دەدات ببێ بە مەسیحی. هەروەها کوردی ئەرمەنستان و هی ڕۆژئاوای باشووری کوردستانیشیان تێدا بوون.

یەکێکی تر لەو کوردانەی کە گفتوگۆم لەگەڵدا کرد و یەکترمان ناسی کوڕە گەنجێکی خەڵکی سلێمانی بوو، خاوەنی ڕەگەزنامەی هۆڵەندی بوو. بیر و باوەڕی ئەو جیاواز بوو لەگەڵ ئەندامانی "کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورد". ئەو لە ساڵی 1996 پەنا بۆ هۆڵەندا دێنێ. هەر لە کوردستان ئینجیل دەخوێنێتەوە. لە ساڵی 1998 دۆستایەتی لەگەڵ (شهود یەهوا) پەیدا دەکات و باوەڕیان پێ دێنێ. بۆ ماوەی دوو ساڵ کاریان لەگەڵدا دەکات. دواتر لە ساڵی 2000 لەگەڵ کڵێسای (مەسیحی پیرۆز بۆ ڕۆژانی دوایی) دۆستایەتی پەیدا دەکات. ئەوانە بە کۆمەڵەی (مۆڕمۆند)ەکانیش دەناسرێن (کە مۆڕمۆند بە لای ئەوانەوە پێغەمبەرێکی کۆنیانە). پەیامنێری مۆڕمۆندەکان (یوسف سمیث)ەو لە 14 ساڵیدا و لە ساڵی 1830 زایینیدا خەونێک دەبینێ و پێی دەڵێن هەندێک تێکست لە شوێنێکی تایبەتدا حەشاردراون و بڕۆ دەریان بێنە. ئەویش دەچێ و دەیاندۆزێتەوە و دەریاندێنێ، ئەو

تێکستانە بە زمانی ئارامی نوسراون. دواتر لەسەر ڕاوبۆچوونە جیاوازەکانی دەیگرن و دەیکوژن. ئێستا مۆرمۆندیەکان لەسەر عەهدی کۆن و نوێ و تێکستەکانی مۆرمۆندیش بە ڕێوە دەڕۆن و باوەڕداری دەکەن. ئەو کوڕە کوردە تا 2003 لەگەڵیان لە گفتوگۆکردندا دەبێ، دواتر بڕیار دەدا بچێتە ڕیزی ئەوان و ئێستاش بەردەوامە لەگەڵیان و هاتووچۆی کلێساکەیان دەکات، کە نوێژ و خواپەرستیەکەیان بە زمانی ئینگلیزیە و هەموو مانگێکیش 10% ماگانەکەی دەداتە ئەو کلێسایە.

هەر لەو کۆبوونەوە دوو کوڕی دوو کوڕی دەڤەری بادینانم ناسین کە بۆ ژەنینی مۆسیقاو گۆرانی گوتن بانگ کرابوون. گۆرانی بێژەکە ناوی (ئەلوەند) بوو گۆرانییێکی زۆر خۆشی بەسەر کوردستاندا گووت، باسی ئێش و ئازارەکانی خەڵکی کورد و سەردەمی ئەنفال و کیمبیابارانی کوردستانی دەکرد، بەڵام چوونکە خۆی لەقەرەی پرسە سیاسیەکاندا داوایان لێکرد چیتر باسی سیاسەت نەکات. کە یەکتریمان ناسی، گووتی: "من عاشقی کوردستانم، تا کوردستانیش ئازاد نەبێ بەو عیشقە دەژییم، کە کوردستانیش ئازاد بوو ئەو کات بیر لە پرسەکانی تر دەکەمەوە، چ دینداری بێ و چ هەر پرۆژەیەکی تر بێ. بەڵام ڕێزم هەیە بۆ ئازادی بیرکردنەوەی هەموو مرۆڤێک، خەڵک چۆن بیردەکاتەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە بەشێک لە ژیانیان، بەشێک لە کات و سەر و ماڵیان بۆ وڵاتەکەیان تەرخان بکەن، گرنگ ئەوەیە گوڵ بن و دڕک نەبن".

ئەوەی جێی تێبینی من بوو زۆربەی ئەو مەسیحیانەی کە لە هۆڵەنداوە هاتبوون لەو کوردانە بوون کە مۆڵەتی مانەوەیان نیە و دۆسیەکانیان داخراوە.

تێبینی دوەمیشم، کە لە هی یەکەم گرنگتر بوو، گلەییان بوو لەو بارو دۆخە کۆمەڵایەتیەی کە لە کوردستان هەیە و ماوەی ئەوە نادات خەڵک بە ئارەزووی خۆی بیروباوەڕ هەڵبژێرێ. بۆیە زۆربەیان ڕازی نەبوون ناویان ئاشکرا بکەم و زۆربەیان دایک و باوکیان بەو گۆڕانەی کوڕەکانیان یا کچەکانیان نازانن. ئەوان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەن ژمارەیان لە کوردستان زۆر بێ و نە دایک و نە باوک و نە هیچ کەسێکیش بتوانێ بەر لە ئازادیان بگرێ. لە گفتوگۆکردندا ترس لە دەم و چاوی هەموویاندا دەخوێنرێتەوە چونکە خۆیان بە کەمینە دەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا ئاوات دەخوازن ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە کوردستان، نەک هەر بە هاوڕێیەتی خێزانە هۆڵەندیەکانیان، ئەوانەی کە خێزانیان هۆڵەندیە، بەڵکو بە هەڵگرتنی بیروباوەڕەکەشیان و بە ئومێدی ئەوەش لەوێ بە شێوەیەکی ئازاد بتوانن نوێژەکانیان بکەن و خانەی خواپەرستی خۆیان بینا بکەن.

ئەوان ئەگەر ئەمڕۆش هێندە زۆر نەبن و لە کوردستانیش دووربن، ڕۆژێک هەردێ حەز دەکەن بگەڕێنەوە و داوای ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتی بوون و کوردستانی بوونی خۆیان بکەن. داوای یەکسانی بکەن و حەز بە دامەزراندنی کلێساکانی خۆیان بکەن. بە ڕای من لە داهاتوێکی نزیک یان دووردا ئەوان دەبن بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کوردستانیش دەبێ چارەسەری گونجاو و لایەق بۆ ئەو دیاردەیە بدۆزێتەوە. ئەگەر ئەمڕۆ ئەوان لە بیرکراو بن ئەوا بەیانی دەیانەوێ چیدی بە لە بیرکراوی نەمێننەوە. ئەوان دەرهاوێشتەی ئەو دیاردەیەن کە لە دوای شەڕی ناوخۆ لە کوردستان دەستی پێکرد، ئەویش دیاردەی سەرهەڵگرتن بوو بۆ تاراوگە. ئایا ڕۆژێک دانایێ وڵاتی دایک بۆ ئەوان لە تاراوگە تاڵتر بێ؟ یان کەش و هەوای دیموکراسی زەمینەی ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە ئازادی بۆ هەموو لایەک دابین دەکات؟.

* ئەو بابەتە لە دوا ژمارەی هاوڵاتی (213) بڵاوکراوەتەوە.